**روناک فەرەج سەرنوسەری ڕێوان**

# ”لەیادی دەرچونی ڕۆژنامەی (ڕێوان)دا خۆزگە لەتوژەڵە رزگارمان دەبوو“





ئەمە ئەو قسەیەیە کە زۆر لە هاوڕێیانمان کاتێك دێن بۆ سەنتەرو نیسکو ساوەرو نۆکمان هەیە پێمانی دەڵێن، تەنانەت میوانە بێگانەکانیش شارەزابوون لای ئێمە چ جۆرە خواردنێك هەیە هەندێکیش پێمان دەڵێن ئەوە بۆ ئەو تاقمە ناگۆڕنو ئەوە بۆ ڕەنگی پەردەکەتان وایەو ..هتد. ئەشێ دەستپێکی ئەم نوسینە بۆ یادی ڕێوان بۆ هەندێك مایەی پێکەنین وبۆ هەندێك بێبایەخ وبۆ هەندێك واتێبگەن کە جگە لە خۆهەڵکێشان هیچی ترنیە، ئەوەی ئامانجی منە لەیادێکی واداو بەم دەستپێکە دەرگام لەسەرکردەوە ئەوەیە ماوەی ١٠ساڵە هەر چاوڕێینو لەم دڵەڕاوکێو بێپارەییە دەرچین، هەرچاوەڕێین ئەو بودجە کەمەی هەمانە نەبڕێتو ١٠ساڵە خوازیارم ئەو ستافە ماندووەی سەنتەر بەشێك لە ماندوبوونی خۆیان دەستکەوێت، چەند ساڵێکەو پێیان دەڵێم ڕۆژێك دێت کاری ئێوە دیاربێتو خزمەتی کارتان بۆ ئەژمار بکرێت، ماندوو بووم لە درێژبوونەوەی خەونەکانم کە چۆنو کەی بتوانین قەرەبووی ئەو ماندوبوونەی ئەم ستافە بکەینەوە کە هەرکاتێك کچێك ژنێك هانای هێنابێت شەو بووبێت یان ڕۆژ، چوون بەدەمیەوە، هەرکاتێکو بۆ هەر شوێنی پڕ مەترسیمان ناردون بەرلەوەی بچن ترس سەراپای داگیرکردوون، کاری جدیو کێبەرکێ لەگەڵ عەقڵیەتی باو کەمترین ماف، ئەوە سێکوچکەی کاری ئەم ستافەیە. لەسەروو ئەمانەوە ڕوکردنە خاتو روناك رەئوفی بەرپرس کاتێك پێویستیەکمان دەبێتو پێی دەڵێین ئەویش کەمێک مات دەبێت و دەڵێت ”ئێوە نازانن کاتێک شتێک داوا دەکەم هەرچەند بۆ شەخسی خۆم نییە، بەڵام شەرم دامدەگرێت.

دەپرسین دەبێت چەند ساڵی تریش چاوڕێ بین تا گرنگی کاری مەدەنیو ڕێکخراوەیی لەم کۆمەڵگەیەدا بزانرێتو بەپێی یاسا مافو ئەرك هەبێتو ئەوسا توانای داهێنان زیاتردەبێتو وزەی کارکردن گەشە دەکاتو چاوڕوانی بۆ داهێنان لە جێگای چاوەڕوانی بۆ مانو نەمان دەبێت .

# عیشق تەواو، هێندە نابات هەموویت بیر دەچێتەوە

**شەدە**

فرمێسکەکان لە چاوەکانم قەتیس مابوون بە ڕێگادا دەڕۆشتم و چاوم لە زەویەکە بریبو بە دەم بیر کردنەوە لە خۆم لە تۆو لە چاوەکانت شەقم لە شتەکانی بەردەمم دەداو وام هەست دەکرد هەموخەڵك دەزانێت بێزارم بۆیە سەیرم دەکەن وبەسەرنجەوە بۆم دەڕوانن .

ڕێگەکەم دەبڕی و کڵپەی گریان گەرومی گرتبوو توانای قسە کردنم نەمابوو، بەبەر خۆمەوە دەمپرسی ئەی خودا بۆ عشق وام پێ دەکات ،بۆ سەراپا ژیانی داگیرکردووم بۆ هەموو شتەجوانەکانی دەوروبەرم لێبوە بە بەرد وەك دڵی ئەو...بۆ هەوری سپی ئاسمانم لێ بوە بە بیلبیلەی چاوە ڕەشەکانی ئەو، لەناکاو هەستێکی وام لا دروست بوو من کەسێکی هیچم دەبێت وەك مرۆڤەکانی وولاتی خۆم بژیم بێ گوێدانە عشق، خۆشەویستی، وەفا، پەیمان بۆ ئەمەش دەبێت هەستەکانی ناخم لەناو بەرم منیش ببمە بەرد.

تۆ....کە حەز ناکەم ناوت بهێنم بە هیوام ڕۆژێك لە ڕۆژان هەست بە ڕۆحم بکەیت و بزانی بە دڵ بە ڕۆح لەگەڵتم تێکەڵ بە خوێنم بویت ئاوێتەی بووی بە ژیانم و بەهیچ شێوەیەك لێت نابمەوە فرمێسکەکان چاوەکانمی بەجێنەدەهێشت تاکات درەنگ بوو، بوە ١٢شەو بەدەم گوێگرتن لە هۆنراوەکەی ڕێبوار سیوەیلی هێندەی تر ناسك بومەوەو وورده وورده دەتوامەوە چاوە تورەکانت لە چاوەم دەبڕی و فرمێسەکەکان ڕژانە سەر ئەو وێنەیەی کە لە خۆشترین ساتدا پێکەوە گرتبومان و دەستمان لە ملی یەکتر کردبوو کە هەرگیز پێشبینی ئەمرۆم نەدەکرد، لەگەڵ هۆنراوەکەی سیوەیلیدا بێ ئاگا لە خۆم دەموت(عیشق تەواو، هێندە نابات هەموویت بیر دەچێتەوە)،هەرچەند من پێم وایە عشق دوورئەکەوێتەوە عشق وون دەبێت بەلام هەرگیز بیر ناچێتەوە، بۆیە تکات لێ ئەکەم مەمرەنجێنە بێ تۆو بێ چاوەکانت ناژیم..ناژیم..ناژیم.

تێبینی/

بێپاساوهێنانەوە ئەم گوزارەیە بۆ هاورێیەکی مێینەمە کە ئەوەندەم خۆش ویستوەو عاشقی بوم بۆیە بەرگەی تورە بونی ناگرم کە لێم زویر دەبێت وێران دەبم.

# ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانەی ئەمڕۆ یەکێتیو پارتی دایدەمەزرێنن جگە لەگەمەیەک هیچی تر نیە

**گزنگ حەمە**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ڕۆژنامەکەتان ئەمە چەندەمین جارە وەلام یان سەرنج دەنێرم بۆتان لەسەر ڕێکخراوەکانو گەمەی ئەمرۆ داینابەزێنن، لەهیچ جارێکیشدا وەلامێکی تەواوم دەستنەکەتوە لەوە زیاتر کە ئێوە ناتانەوێت شەڕی ڕێکخراوەکان بکەن، بۆیە بە بەڕێز سەرنوسەری (ڕێوان) دەڵێم ئەمە بۆیە دەکەن کەسیش ڕەخنە لەخۆتان نەگرێت بەمەش دەرگا بەرووی ئێمەومانانێك دادەخەن لەدەرەوەی ڕێکخراو گەمەکانین، هیوادارم ئەم سەرنجەشم نەچێتە ناو فایلی (دانابەزێت). من هەقی خۆمە لەبەردەم ڕێکخراوێکدا قسەم هەبێت کە وۆرك شۆپ لەسەر گەندەڵی دەکاتو خۆی گەندەڵە، وۆرك شۆپ لەسەر یەکسانیو خزمەت دەکات خۆی تا موچەی خۆی وەستابێت، ڕێکخراوو ژنانی چی قسە لەسەر ئازادی وابەستە نەبون بەحیزب کاتو خۆی تەواو سەر بەحیزبە کە ئەم شێوەیەیان لەڕێکخراوەکانی سەر بەحیزب زیاتر مەترسی هەیە لەبەر ئەوەی چەواشە دروست دەکات وەك ئەو نوسینەی لەژمارە (١٢٣) ڕێواندا نوێنەری ڕێکخراوی ئامێز باس لەدەماگیریو بیرتەسکی حیزبایەتی دەکاتو خۆشی دەخاتە دەرەوەی مەسەلەکانو بگرە بەپێچەوانەشەوە وەك کەسێکی بێلایەن دەدوێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی نازانم نوسەری ئەم سەرنجە لەڕێکخراوی ناوبراو ژنە یان پیاو، بەلام پێم باشە پێی بڵێم بەڕێزم لەگەڵکردنەوەی ڕێکخراوی ئامێزو چەندین ڕێکخراو سەنتەری تر کە یەکێتیو پارتی دایدەمەزرێنن، جارێکی ترو بەنەخشەیەکی نوێتر تەمەنی ستەمی تاك حیزبی درێژتر دەکەنەوە بەڵێ ئەو پارتانەی لەپشت ئێوەوەنو دەسەلاتو دارای بەخۆیانەو هەردوو ساڵ جارێك بە بەرنامەیەکی نوێ دێنە مەیدانو هەر بەرنامەیەکیش جگە لە جوانکردنی روی دەسەلات هیچی تر نیە جگە لەوەی بڵێن دەسەلات ئاوا خزمەت بەژنان و گەنجان دەکات هیچی تر نیە جگە لەوەی هۆکارێکن بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ژنان بۆ ناو ئەو حیزبانەی هاوکاریتان دەکەن، جگە لەوەی کە ڕێگرێت لەبەردەمی ڕێکخراوی ئازادو پەرتی بکاتو بێمتمانەیی بخاتە نێوانیان بەتایبەت گەنجان هیچیتر نیە، من بەبەرپرسی سەنتەری ئامێز دەڵێم کە خۆی هەڵەبجەییەو توانی بەتەنها دێرێکیش رای خۆی لەسەر ٣/١٦ بنوسێت؟ توانی شتێك بۆ کوردە سەعید بنوسێت کە لەرۆژی ١٦/٣دا تیرۆریان کرد؟ توانی دەمبکاتەوە لە ئاست هەڵەبجەدا؟ نەخێر وەك هەموو ئەندامانی ناو پارتو ڕێکخراوی سەر بەپارتەکانن، دەبوا بێدەنگ بێت نەك ئەم ئاشتیەی هەیە تێك بچێت، بەڵێ زوو ئاگاداری نهێنی درا بێدەنگ بن هەق مەڵێن، ئاگاتان لە لێدوانەکانتان بێت بۆ ئەوەی ئەوەی بەدەستی ئێمەی نەزانن.

بەڕێزم ڕێکخراوەکەی ئێوەش دەچێتە ریزی ئەو ڕێکخراوەی کە لەم قۆناغەدا دەیەوێت جەماوەر بۆ پارتی دیموکرات زیاد کات بەشێکە لەبەرنامەی پەل کوتان بۆ ئەو شوێنانەی تیالاوازن، تائێرە کێ بەرکێیەکی شەرعیەو قابیلی قبوڵە، بەلام ئەو کاتەی کە لەیادی ئەنفالدا لەرێگەی تابلۆوە جوانترین وێنە بکێشرێتو کەمترین کەس بچێت، چونکە نمایشەکە پارتی کردویەتیو لەولاش بەهەمان شێوە ئەمە ترسناکە ترسناکی لەوەدایە کە تۆی ئافرت بکرێیتە مەقاش، دەکرێت ڕێکخراوی لاوان، ژنان، ئافرەتان هەوڵی کارکردن بدەن هیچ گرنگیش نیە کە پارەکە حیزب بیدات لەبەر ئەوەی کە دارایی کوردستان لەژێر دەستی حیزبەکاندایە، بۆیە ڕێکخراوێکیش دروست بێت پێویستی بەهاوکاری دەبێت، لەبەر ئەوەی هەر ڕێکخراوێک تەواو دڵنیا نەبن لەو کەسەی دەبێتە بەرپرسی نە مۆڵەتی دەدەنێ نە دارایی بۆ تەرخان دەکەن، ئیتر خوای دەکرد ئەو ڕێکخراوە دەیان کەسی بە تواناو نیشتیمانپەروەری تێدا دەبوو، بۆیە گەر کەمێک واقعی بین لەمرۆدا گرنگ نییە حیزب یارمەتی بدات، بەلام ئەوەی گرنگە سازش نەکرێت لەسەر مەسەلە بنەماییەکان گرنگ ئەوەیە خاڵی دەستپێکی ناڕەزایی دروست بێت کاتێك ناونیشانی سەرنجەکەتانم دی دڵخۆش بووم بەلام کە خوێندمەوە ئەوەندەی تر توشی شۆك بوو، واتێگەیشتم ڕەخنەیە لەوەی ئەم ٨ی مارتە ئەوەندەی پیاو لەهۆڵەکاندا بوو بۆ یادی جەژنی ژنان ژنی لێنەبوو،

ئەوەندەی پیاو خەڵاتی دابەشکرد ژنم نەدی لەساڵان زیاتر ژن کوژرا، ژنان لەقاعەکاندا دەهۆڵو زوڕناو جلی پولەکە، بۆیە ڕێکخراوی ئامێزو هەموو ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانەی ئەمرۆ یەکێتیو پارتی دای دەمەزرێنن جگە لەگەمە هیچی ترنیە.